سەید حەکیم: بەسەرکردنەوەی کەلتووری عێراق و شوێنە مێژووییەکانی پەیوەندی نێوان رۆڵەکانی باش دەکات

لەمیانەی گەشتەکەی بۆ پارێزگای هەولێر، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت بە یاوەری پارێزگاری هەولێر بەڕێز ئومێد خۆشناو سەردانی قەڵای مێژوویی هەولێری کرد لەگەڵ بازاڕەکانی دەوروبەری و لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکان گوتی سروشتی سەردانەکەم بۆ هەرێمی کوردستان مۆرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە و ئامانج لێوەش بەردەوامی پەیوەندییەکانە لە نێوان رۆڵەکانی یەك گەل و بەسەرکردنەوەی کەلتوور و شوێنە مێژووییەکانیەتی.

سەماحەتی حەکیم هیوای دەربری کە کابینەی حکومەت تەواو بکرێت و باسی گرنگی سنووردارکردنی چەکی بە دەستی دەوڵەت کرد لەڕێگەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن، هەروەها داواشی کرد کێشە هەڵپەسێردراوەکان بە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن چارەسەر بکریت.